لافاوناس نییم، بەس ئاخ بۆ لافاوەکی تر!.. ئازاد حەمە*

لافاوناس نییم و لافاوناسییش بواری پسپۆریم نییە، لەبەرئەوە لێرە ناخوازم لە بارینی زۆری باران یان دیاردەی سەلاو بدوێم، لە لێوە تەدەگرم، کە لافاوەکە، یان لەزەبارانەکە پێیگوتین: ماڵ و شوێنی ژیانی ئەمە و ڕێگاوبانەکانمان بەرگەی گەردەلول، زریان و باوبۆران ناگرن.
مافی خەمە بێم: ئاخ بۆ لافاوەکی تر؛ بۆ مەرجەی کەس نەبێتە قوربانی، بێسام با شێوەتانی و کۆنزەپا و بێ و ئاخر بەبەهاکانی ئەو ماڵانە لەگەڵ خۆی بەرێت،کە بژیان و بۆ داهاتوون؛ تا یەک تۆز هەستی ئەرستۆکراتییەکان(خواپەداوەکان) بوروژێت.
ئەگەرچی لافاوناس نییم، بەس کوا ئەو لافاوەی دەبێتەوە هۆکاری لادانی دۆیەها بێوەبەری بۆباک؛ ئاودیوکردنی دۆیەها زوەم و ئاشکراکردنی قەتماغەی بەدادیی. گومانیناوەت، موسیبەتکەی چەمچەماڵ، تەکیە و شێش وایلەکردین لە ئەلفوبای بەماڵی و بوونی ماڵکی درێینە، کە شوێنی ژیانی تیانییە، حاڵیبین. ئەی پێش لافاوەکە، چۆن بۆباکبووین بەرامبەر بەماڵ و هەژار و بیماریی کەمئایەتییەکان.
بەشەرمەوە دێم بۆ لافاوەکی تر؛ تا دەڤەرەکان لەکدی نزیکبکاتەوە؛ مەتافیزیکی ڕەحم و بزەیی چڕدەرکات و نەبوو و داماوەکان لەو شومە سوودمەندبن، کە لە بەرگی لافاو دەبێتە میوانیان.
حەیف و هەزار مخابن، کە دەبێت بەیەن سوپاس بۆ لافاوەکە،کە بەدەرەتان و کرچیەکانی ماڵ کەلاوەکانی کردە خاوێنی ماڵ تازە و پۆیستییەکانی ناو ماڵی، کە کەمترین مافن، بۆ ئەوانە مسۆگەرکرد ئاستنزمترین ژیان لەناو ماڵ بەماڵکەیاندا، لە سەردەمی ژیری دەستکرد، دژین.
بەدڵکی پڕ لە خەمەوە دیسانەوە دەڵێم: بۆ بۆ لافاوەکی تر؛ تا بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان بۆخەیانا بچنەوە، قوتابخانە و دایەنگەکان پڕ پەداویستی بکرێن، نۆخشخانەکان لەوە دەنیابن چەند بڕگەی کارەساتە سروشتییەکان دەگرن، کتێبخانەکانیش لەوانلەوکرێن لە سەرچاوە و پەداویستیی خوێندنکبیرکردن.
ئەبەتە زۆر بە حەسرەتەوە دەڵێم: ئاخ بۆ لافاوەکی تر؛ تا هەژاریی، داماویی، بەدەرەتانیی، بەماڵیی کەساسکان ئاشکرابکات، کە دەمکە پەردەپۆشکراوە. تا ماڵی ئەوانە ببینین، کە ڕۆژانەی کاسبکارییان

پانزە هەزار دینارە(نە دۆلار)، ئەو خەزانانەش دەرکەون، کە نزادەکەن بەکەینی دەرمان بە پەککەوتوەکانیان.
چەند عەیبە دەڵێم: با بە لافاوەکی تر؛ ئاخر لەبەرئەوەی خوازیارم لافاو کەمانکاتەوە، لافاو هەڵبکات بە بەر کەلتووری بەخشین و بەتەنگیەکەوەچوون. مەگەر لافاوەکە فڕینەکردین لە پەرەشدار، ئاتاج و بەخانوەکان بیربکەینەوە؟ لەوە تێبگەین سروشت توانای پڵامارداندا خۆی هەیە، لەسەر ئەوە وەستاوە مرۆڤەکان چەند دەتوانن رووبەرووی هەوداوە سروشتییەکان ببنەوە.
دەرکەوت ئەو قسانە لە شوێنی خۆیاندا نیین، کە دەڵێن کوردەکان بەتەنگ یەکەوە نایەن، خەخەر و چیوچین. هەرلەبەرئەوە، تەکیە ، شەرش و چەمچەماڵ ناوگەڵکن تا ساڵانیک لە گومەندا دەزرینگێنەوە. ئەمە (سەلیم بەرەکات) گوتەنی لە مەهابادەوە بە مەهابادکیترە، بەس ئەمجارەیان سروشت خستمانیە ناو گەرووی مەهاباد و هەڕەبجەیەکی ترەوە.
حەیف و داخەکەم بە لەوە تێناگەین، ئەو جینۆسایدە سروشتییەی هاتەسەر دەڤەری چەمچەماڵ، کاکە مەند، ئاخجەڵەر و پیرەمەگرون بەرهەمی نادادیی و خراپدابەشکردنی داهاتە نەک هەقایەتی فاشیزمی بەعسیزم و... .
بائەوەش بەڵێین: هاوخەمیی سیاسییەکان بە لەقوماوان خەمخۆری بوو بە ئەوەی نەک لە هەڵبژاردنی داهاتوو لەو دەڤەرانە زەرەمەندبن لافاو بووە میوانی ناوختیان. چونکە بە سیاسییەکان بڵێن، لەقوماو و پەککەوتەکان ژمارەن بە کاتی تەنگانەی سیاسیی(بەزیادکردنی کورسی).
شەرمە بە من، کە دەڵێم ئاخ بە لافاوەکی تر. ئاخر ئەو لافاوە بوو،کە دیاردەی بەدەرەتانی و بە ماڵی لە دەڤەرێک هەوماڵکرد خاکە بەپیت و داهاتداری هەیە. بەڵەمەولا سیاسییەکان قیان لە وشەی لافاو و باران دەبەتەوە، چونکە لافاو زەرشتی کەشفکرد و جەوری ئابووریی و ستەمی بەهەوبردنیشی خستەوو.
تەماشای ئەو هەکەوتە، هەک چەند کاژمێرێک پێش لافاوەکە و هەوداوەکانی تەکیە و شەش و چەمچەماڵ لە خۆندنەوەی شانامەی(زریان)ی شکسپێر بووموە... ئەم شانامەیە ئەمەی چرپان بەگوماڵ: دەزخ بەتاڵە و گشت شەیتانەکان وان لێرە.

*ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

پایزی سەرمایەداری *.. ئەکرەم سەعید

(ئەمە شاهیدی پایزی مەدللی سەرمایەداریی ئەستاین، بەڵام هەشتا لە بەهاری گەلاندا نین، چونکە هەشتا ئەتەرناتیڤەکە نەخەمڵیوە. لەئەستادا بزووتنەوەو ناڕازایەتییە جیهانییەکان لە قۆناغی ئاژاوەگێڕیدان، و دەکرێت ئەمە ببێتە مایەی بزووتنەوەی تونڈوتۆڕ، ژەمی فاشیستی، تانانێت هووخانی دەوڵەتەکان، یان دەشێت ببێتە هەی شتێکی تەواو نوێ)- سمير امين: نشهد خريف الرأسمالية/ بِدَايَات/ فصلية ثقافية فكرية/ ساڵی ٢٠١٥.
"سەمیر ئەمین"لە دوا ساڵانی تەمەنیدا زۆر باسی لە پایزی سەرمایەداری دەکرد. پایزی سەرمایەداری زاراوەیەکە ئاماژەیە بە خولێکی پڕ لە قەیران و شەواوی و جەنگ لە سیستەمی سەرمایەداریدا؛ دیاردەی وەک نایەکسانی ئابووری، ناسەقامگیری و نائەمنی، نادادپەروەری کەمڵایەتی و زیادبوونی کارەساتی ژینگە. لە ڕاستیدا دابەشکردنی مڵۆوو بە خولی"بەهار و پایز"مڵۆونووسانی کۆنی وەاتی چین بەکاریان هێناوە. مەبەستیان لە بەهار خولی سەقامگیری و گەشەکردنی ئابووری(کشتوکاڵ، بازرگانی، کاری پیشەیی و هونەر) بووە، و پایز وەک خولی(داڕمانی ئابووری و شەواوی و جەنگ). لە خولی پایزدا(شانشینی ژاو)لە ڕاژەڵاتی چیندا لاواز بووەو میرنشینە فیداڵیەکان سەربەخۆ بوون، و سەردەمی جەنگی میرنشینەکان دەستی پێکردووە **.

سەرمایەداری چەندجار دووچاری قەیرانی ئابووری و سیاسی و جەنگ هاتووەو بە سەلامەتی لەی قووتار بووە. سەرمایەداری لە ساڵی ١٩٠٠ تا ١٩٢٩ بە قۆناغی گەشەسەندنی خێراو بە(ساڵانی بەختیاریی ١٩٠٠ و بیستەکان) ناوبانگی دەرکردوە، بەڵام دواتر کەسادی گەورەی وەرانکەر بەدوایدا هات، و ئەنجامەکەی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩ داڕمانی وەڵ ستریت بوو لە نیویۆرکدا، کە بووە هەی بەکاری بەکەمەڵ و شکستی بانکەکان و کەمبوونەوەی بازرگانی لەسەر ئاستی جیهاندا. جارێکی دی له مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ دا "وەڵ ستریت" تووشی داڕمان هات – ساڵی ٢٠١٩ پەتای کۆڤید/١٩ – ساڵی ٢٠٢٢ جەنگی ئۆکراینا، و تا ئەمەکە بە گشت کۆشکانی هەڵئاوسانی دراو، گرانی، بێکاری و

جەنگ لەگەڵ ئەوە؛ ئەو کاتەوە جیهان چەتە وەرزێکی پایزی نوێی سەرمایەداریدایە. یەکەم وەرزی پایزی سەرمایەداری لانیکەم بیست ساڵی خایاندووە، بەڵام هەشتا دیار نییە ئەم خولە نوێیەی پایزی سەرمایەداری کەی و چۆن کۆتایی دێت.

نیشانەکانی خولی پایزی سەرمایەداری

١/ قەیرانی ئابووری و مەترسی داڕمانی بازاڕ و بازرگانی:

ئۆگەر جیهانگیری لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، پاڵنەرو لۆژیکی فراوانبووی سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد بووبێ، ئەوا ئەمەکە سیاسەتی سەپاندنی باجی گومرگی تەمپ، وە بە زیادبوونی پەلاماری گەشتی بازرگانییەکان لە دەریادا، و بە سیاسەتی داخستنی سنووورەکان بە ڕووی پەناهەندەکان و دیپەرتکردنەوەیان، ئەوا شتێکی سەیر نییە کە جیهانی سەرمایەداری دەچێتە نێو خولێکی ناکۆک لەتەک خودی پایەکانی سەرمایەدا.

گەڤاری"ئیکۆنۆمیست"ی بەریتانی لە مانگی نۆڤەمبەردا ژمارەیەکی تایبەتی بەناونیشانی(جیهانێک لە پێشمان/ العالم أمامنا / The World Ahead ***) بڵاوکردەوە. ڕاپرسیەکە باسی چارنووسی جیهان دەکات لە ساڵی ٢٠٢٦دا؛ کە ساڵێک لە نادڵنیایی دەبێت! . بەڵای گەڤارەکە جیهان لە ساڵی ٢٠٢٦دا دەچێتە ناو نادیارەوە، بەیەک دەپرسە: ئایا ئەمە لەبەردەم ساڵێکی"ووخان"داین یان ساڵێک لە"دەرفەتەکان"؟. چونکە لەگەڵ گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ و سەرهەڵدانی ئۆژدیهای چین، جیهانی کۆن کۆتایی هاتووە و یاساکانی یارییەکەش بە تەواوی گۆڕاون. پێشبینییەکانی ڕاپرسیەکە بە ساڵی ٢٠٢٦ وێنەیەکی تاریک و پڕ لە پشێوی بە جیهان دەکێشێت، کە ململانێ جیۆپۆلەتیک و جەمسەرگیری سیاسی و پێشبڕکێی تەکنەلۆژی زاڵن بەسەریدا، لە کاتێکدا شۆک و قەیرانە ئابوورییەکان بەردەوام دەبن.

٢/ زیادبوونی دیاردەی ستەم و شۆڕ:

دەوڵەتەکان لەماوەدا خۆکەی بە خەیان و ماوەندایان بە کەیڵەی خەیان دەزانن، و دەسەاتە دەندەکان بە بەرژەوەندی خەیان بە زەری هەزو فریودان ژیانی ئەو خەڵکەیان خستۆتە بەردەم مەترسی فەوتان، چونکە بە فرمانی خەیان لە سەرەوە، بە هیچ بەشداری خەڵک و ڕەزامەندییان، دەوڵەتەکان بەیاری جەنگ دەدەن و کەمپگەیان خستۆتە نێو کۆشکی سەربازییەوە؛ بەوانە: بەیارەکانی ڕووسیا بە جەنگ دژی ئۆکراینا، بەیاری ئەمەریکا بە جەنگ دژی ڤەنیزوێلا، بەیاری سەرۆک وەزیرانی یابان بە چوونە نێو جەنگ ئۆگەر چین پەلاماری سەربازی تایوان بدات،، و سەدەها حاڵەتی دی. هەموو ئەو بەیارانەش لە

ئاکامی قەیرانی ئابووری و کەشمەکەشی بازرگانییەوە سەرچاوەیان گرتووە، وە بەگومان لە ئەنجامی جەنگی کانیشدا هەندێ دی قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە.

٣/ سەرهەڵدانەوەی دیاردەی چەتەگەری سەرمایەداران – {عادت حليمة إلى عادتها القديمة} – بە نموونە وەک:

- تێقاندنەوەیان دەستگرتن بەسەر کەشتیەکان لە دەریادا؛ چەتەگەری دەریایی دەوڵەتەکان لە زیادبووندایە.
- وەزیرانی دارایی ئەورووپا باسی بەکارهێنانی سەروەت و سامانی بەستووی ڕوسیا بە دابینکردنی کەمەکی دارایی بە ئۆکراینا دەکەن – دەستگرتن بەسەر بڕی زیاد لە ٣٠٠ ملیار دۆلار لە سەروەت و سامانە دارایییەکانی ڕووسیا کە لە بانکەکانی ئەورووپا.
- بەخەماڵیکردنی کارگەکانی وەاتی چین لە ئەورووپا: لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشی کانزا دەگمەنەکانی نەوەی چین و هێژئاوا، ئەورووپا گرێکی بوو دەستبگرێ بەسەر"کەمپانیاکانی چیپ"ی چینی لەسەر خاکەکەی، هەڵەندا دەست بەسەر"کەمپانیای نێکسپریای چینی"دروستکەری چیپدا(الرقائق)بگرێت. و بەخەماڵیکردنی دەگەڵتەوە بە بەریتانیا: شۆڕشکێ بە ڕزگارکردنی دوا کورەی پڵا لە چنگی وەبەرهێنەری چینی.
بەڵام دەستبەسەرداگرتن بەسەر سەروەت و سامانی ڕووسیا لە بانکەکان، پایەکانی ئابووری یەکێتی ئەورووپا وێران دەکات، چونکێ متمانە بە بانکێ ئەورووپییەکان نامێنێ و زەربەی وەاتانی دیکێ سەرمایەکانیان دەکشنەوەو کارەکانیان لە شوێنێکی تر ئەنجام دەدەن.
٤/ نوخبەی دەسەڵاتدارانی سەرمایەداران هێژ دوای هێژ وەک(نوخبەکی سەرکوتگەر و دژی پەناهەندە، گەندەڵ، جەنگخواز و بەدڕەوشت)دەردەکەون؛ بە نموونە:

- نوخبەی جەنگخوازی ئەورووپا دیانووت شۆڕ لە ئۆکراینا بەردەوام بێت، ئەوش لە پێناوی ڕزگارکردنی خەیان و فراوانکردن و چەسپاندنی کەنترۆییان بەسەر خەڵکی ئەورووپادا.
- ئیهانەی ترەمپ بە خەڵکی وەاتانی(ئاسیا، ئەمریکای لاتین وئەفریقا)، و لەدوانی ڕۆژپەرستانەی ئاوێژکاری ئەڵمانیا"فریدریش مەرتز":(پەنابەران دیمەنی شارەکانی

ئەمانیا تێکدەدن).

- فەزیحەی(دوورگەی جەفری ئیپستین).
- هاوشێوەی مرۆڤ کە دەچێتە ساڵانە زەر باسی ئابردوو دەکات، سیستەمی سەرمایەداریش لە خولی پایزیدا زەر باسی ئابردوو دەکات و نەریتە کۆنەکان لە(ئایین، ڕۆگەز، خێر و بنەماڵە)زیندوو دەکاتەوە. بەرژوازی دەسەڵاتدار جیهان بەڵای ئاستدا وەردەچەرخێنێ؛ هێندە تووند بەڵای ئاستدا کە مەترسی دەخاتە سەر وجودی سیستەمی سەرمایەداری، چونکە ستافی فەرمانڕەوای بەرژوازی لە زەربەی وڵاتانی جیهاندا نوخبەکی جەنگخوازو سەرکوتگەرو کۆنەپەرستەو گوتارو سیاسەتی لیبەرالی گۆیەبە گوتارو سیاسەتی کۆنەپارێزی ئایینی و نژادپەرستی و ناسیۆنالیستی تونڕەو.
- وەرزی پایزی سەرمایەداری وەرزی ناسەقامگیری کەمڕۆگە و شەواوی سیاسییە؛ وەرزی زیادبوونی تەقەکردنە لە خەپیشاندانی مەدەنی و تیرەر و کەکوژی.

ئەم خولی پایزی سەرمایەداریییە سیستەمەکە دەخاتە بەردەم دوو ئۆگەر:

- ئۆگەری قوبوونەوەی قەیرانە ئابووریییەکان تا پلەی داڕمان، و فراوانبوونی جەنگەکان تا پلەی جەنگی جیهانی سێیەم کە کۆتایی بە ژیان دەهێنێ لەسەر گۆی زەوی.
- یان دەسەڵاتدارانی سەرمایەداری دانوستان دەکەن و ڕێدەکەون لەسەر دابەشکردنی نوێی کار و سامانی جیهان.
- وەسفکردنی خولی داڕمانی سەرمایەداری بە (وەرزی پایزی سەرمایەداری) مەتافەریکییە؛ واتە وەسفکردنی شتێک بە بەکارهێنانی لەکچوون یان وێنەیەک، کە بە شێوەیەکی ڕستەیی ڕاست نییە. مەتافەریک بەکاردێت بە دروستکردنی وەسفێکی بەهێز و مەجازی بە شتێک، بەزەری بە بەراوردکردنی لەگەڵ شتێکی تر کە تایبەتمەندی هاوشێوەی هەیە. بە نموونە وتنی"ژیان سەفەرە"، ئەوە وەسفێکی مەتافەریکە بە ژیان، چونکە ژیان بە شێوەیەکی ڕستەیی سەفەر نییە، بەڵکو تایبەتمەندی هاوشێوەی هەیە، وەک هەبوونی سەرەتایەک، شوێنی مەبەست و دەرفەتی ئەزموونکردنی شتی جیاواز لە ڕێگادا. لەبەرئەوە"پایزی سەرمایەداری" هێستێک و ڕوانگەیەک وەسف دەکات کە مەدێلی سەرمایەداریی ئێستا لە قەیرانی بووندایە، واتە

خراپبـــــــوونی بەردەوام، کە ڕەنگە ســـــــەرمایەداری لە گەڵانکاریەکی بەرچاو یان داڕمان نزیک بکاتەوە.
** بە یەکەم جار وەسفی سەردەمی"بەهار و پاییز"-(نزیکەی ساڵی ٧٧٠-٤٧٦ پێش زایین)، لەلایەن مێژوونووسانی چینی کۆن، لە سەردەمی بڵاوی یەکەمی(شانشینی ژۆو) بەکارهێناوە.
*** بڕوانە: The World Ahead 2026 / from The Economist / 10 nov. 2025
ڕاپۆرتی ئیکۆنۆمیســت پێشبینی دەربــارەی ســاڵی ٢٠٢٦ بڵاودەکاتەوە. ڕاپۆرتەکە ئەو وایە کە وڵاتانی دەوڵەمەند لە دەرەوەی تواناکانی خۆیان دەژین، وە مەترسی قەیرانی بازاڕی بەندەکان لە زیادبوونداین.

هێزی نەرمی چین و مەترسییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان.. ئاگری قادر*

فراوانبوونی ئامادەبوونی دامەزراوەیی و کولتووریی چین لە هەرێمی کوردستانی عێراق- بە تایبەتی لە ڕووگەی دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە دەستپێشخەری شارستانیەتی جیهانی-کۆمەڵەی شورای چین- پرسیارێ گرنگەکان سەبارەت بە هەردوو مەترسییە دەستبەجێ و درێژخایەنەکان دەخاتە ڕوو. لە کاتێکدا ئێم بڕشداریکردنە زەرجار وەك ئاوگەڵەی کولتووری یان هاوکاری ئەکادیمی لە چوارچێوەیەکدا دادەنرێت، ئەزموونە بەراوردکارییەکان لە ناوچەکانی دیکەوە ئەوەمان پێدەڵێن کە کاریگەرییەکانی زۆر لە دیپلۆماسی نەرم زیاتر دەبن. بە هەرێمی کوردستان، ئێم مەترسیانە لەناکاو یان ئاشکرا نین. بەڵکو وردە وردە و چیندار و پێکهاتەیین، بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەیەك گۆشە دەکەن کە بتوانن نەرمەکانی حوکمەانی، سەربەخۆیی سیاسەت و دەزگای سیاسی کۆنترۆڵ دەکەن. تێگەیشتن لەم داینامیکیانە زۆر گرنگە بە دنیابوون لە مەترسییەکانی هێزی نەرمی چین بە هەرێمی کوردستان

مەترسیی کانی چین بۆ سەر هەرێمی کوردستان

یەکێك لە مەترسییە دەستبەجێیەکان گیانەوە و گرتنی گوتارە. ناوەندەکانی توێژینەوەی پێیوەست بە چین، پلاتفۆرمە کولتووریەکان و دەستپێشخەرییە ئەکادیمییەکان زەرجار گیانەوەی وردی کەکراوە بەرەوپێش دەبەن کە جێخت لەسەر سەقامگیری، هاوئاهەنگی و دەستوەردان دەکەنەوە. لە کاتێکدا ئەم چەمکانە وەك بۆلایەن یان گشتگیر خراوەتەروو، بەڵام مەیلیان هەیە کە مشتومڕی ڕەخنەگرانە لەبارەی حوکمەانی و مافەکانی مرۆڤ و لێپرسینەوەی سیاسییەوە بهێوا بکەن. لەهەرێمی کوردستان، ئەم فەزای هەزری و میدیایی بەرتەسك دەکاتەوە، چونکە ڕۆژنامەنوسان، ئەکادیمیستەکان و ئەکتەرە مەدەنییەکان هەست بە فشارێکی ناڕاستەوخۆ دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ گیانەوەی "قبووکراو"دا هاوتەریب بن، بۆ مەبەستی پاراستنی دەستەاگەیشتن، پارەدان، یان هاوکاری دامەزراوەیی. ستراتیژییەکانی بەشداریکردنی چین زەرجار پێیوەندییەکان لەگەڵ نوخبە سیاسییەکان، بەرپرسە باڵاکان و کەسایەتییە کاریگەرەکان لە پێشینە دادەنێن. ئەم ڕێبازە دەتوانێت کەناڵە ئاوێزکارییە هاوتەریبەکان یان کەناڵە ئاوێزکارییەکان دروست بکات کە لە دەرەوەی چاودێری دیموکرات یان پەرلەمانی کاردەکەن. کاتێك هاوکاری وەك تەکنیکی یان کولتووری لە چوارچێوەیەکدا دابنرێت نەك سیاسی، شەفافیەت زیاتر کەم دەبێتەوە. ئەم جۆرە بەشداریکردنە نوخبەیی، لێپرسینەوەی دامەزراوەیی لاواز دەکات و بەیاردان لە پرسەکانی گشتگیر و بەشداریکردن دوور دەخاتەوە. ئەو دەزگا تازە دامەزراوانەی کە پێیوەندییان بە دەستپێشخەرییە بیانییەکانەوە هەیە زەرجار بە باری یاسایی ناڕوون، ئیختیاری پێناسە نەکراو و لێکۆڵینەوەی سنووردار گشتی کاردەکەن. لە کوردستان، ئەم ناڕوونییە ڕەگی بە دامەزراوە بیانییە پێیوەندیدارەکان دەدات کە کاریگەرییان لەسەر پەروەردە، گوتاری سیاسەت، یان بەرنامەسازی کەمایەتی هەبێت بەبێ ئەوەی بخرێتە ژێر چوارچێوەی ڕەخنەگرانەی ناوخۆییەوە. ئەمش مەترسییەکانی حوکمەانی دروست دەکات و چاودێرییەکی کاریگەر لەلایەن دەسەاتە ناوخۆییەکانەوە ئاڵنگارتر دەکات،لە درێژخایەندا، مەترسییەکی جددی و وردە وردە وڕینەی نەرمەکانی دیموکراتکانە. مەدەلی حوکمەانی چین کەنترۆڵی دەوڵەت، یەکسانی سیاسی و ژێردەستەکردنی مافەکانی تاك بە "سەقامگیری" بکەمەوە لە یەکەمایەتی دەکات. ئەگەر لە ڕەگەی بەرنامەکانی ڕاهێنان، دەرئەنجامی توێژینەوە، یان ئامۆژگاری سیاسەتەوە بە شێوەیەکی زیادەیی ناسەندرا، ئەم بنەمایانە دەتوانن کولتووری حوکمەانی لە هەرێمی کوردستاندا دابڕێژن.

پابەندبوون بە فرەیی، دەربەین ئازاد و کەبەکی سیاسی دەتوانێت لاواز بێت- نەك لە ڕووگەی زەرملێی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕووگەی ئاسایکردنەوە. مەترسیەکانی وابەستەیی ستراتیژی و کەمبوونەوەی سەربەخۆیی سیاسەتکان. لەگەڵ فراوانبوونی ئامادەبوونی دامەزراوەیی چینی، وابەستەیی نەك تەنیا لە ڕووی ئابووریەوە، بەڵکو لە ڕووی فیکری و ئیدارییەوە گەشە دەکات. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم دەتوانێت توانای هەرەمی کوردستان سنووردار بکات بە بەدواداچوونی هەڵبژاردنێی سیاسەتی سەربەخۆ کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پەکین ناکەك بێت. ئەم جۆرە وابەستەییە لە کاتی قەیرانی سیاسی یان ئابووریدا بە تایبەتی مەترسیدار دەبێت، کاتێك دەتوانرێت هەڕەشەی کاریگەری بگەڕدرێت بە فشارێکی بەدەنگ یان کاریگەری. قووکردنەوەی هاوئاهەنگی لەگەڵ چین ڕەنگە گۆڕانکاری لە چەنیەتیی هەستکردن بە هەرەمی کوردستان لەلایەن هاوبەشە نەودەوڵەتییە نەریتییەکانەوە بکات، بەتایبەتی ئەژاوا کە لە مەژوودا ڕۆڵی سەرکییان لە هاوکاریی ئەمنی، چاکسازی حوکمڕانی و هاوکاری مەییدا بینیوە. پەناچێت چین داکۆکی لە مافە سیاسییە کوردییەکان یان سەربەخۆییەکان بکات کاتێك ئەم جۆرە هەوڵستانە لەگەڵ پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکان یان دەسەڵاتە ناوچەییەکان ناکەکن. لە ئەنجامدا، بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی کورد مەترسی ئەوە دەکەن کە لەناو حیسابەتی جیۆپۆلەتیکی فراوانتردا پەراوێز بخرێن. لە کۆتاییدا، شلکردنەوەی ناسنامە و بەسیاسیکردن مەترسییەکی ورد بەڕام بەرچاوی درێژخایەن نیشان دەدات. بە پێشخستنی گەڕانەوەیەکی ناوەندی و ناسیاسی شارستانیەت و پێشکەوتن، دەستپێشخەرییە کولتووری و پەروەردەییەکانی چین ڕەنگە بەشداربن لە بەسیاسیکردنی داواکارییە شەرعییەکانی کوردی پێویست بە ماف، خەبەرەوبەری و دادپەروەری مەژووییی. لە کاتێکدا کە ناسنامە نەسەدرتەوە، بەڕام ڕەنگە بە شێوەیەك کە وردە وردە ئاژانسی سیاسی و توانای کۆکردنەوە کەم بکاتەوە، دووبارە چوارچێوەی بە دابنرێتەوە.

وانەی بەراوردکاری

کێسە بەراوردکارییەکان لە ئەفریقا و ئاسیای ناوەڕاست و بەکانەوە شێوازە بەردەوامکان ئاشکرا دەکەن. لە ئەفریقا وەاتانی وەك زامبیا و کینیا ئەزموونی گەشەسەندنی وابەستەیی لە ڕووگەی پارەدارکردنی ژێرخانی، شەفافیەتی سنووردار، و کەمکردنەوەی نەرمی سیاسەت. لە ئاسیای ناوەڕاستدا، هاوتەریبی نوخبەکان لەگەڵ چین

زەرجار کەمەگەی مەدەنی پەراوێزخراو و ناسنامەزایی گشتی وروژاند. لە باکان، هەکەکوتنە ناوونەکان ستاندارد هەکخراوییەکانیان تەکدا و دەسەلاتی جێبەجێکاری بەهێزتر کرد لەسەر حیسابی دامەزراوە دیموکراتییەکان. لە سەرانسەری ئەم ناوچانەدا سێ وانە جیاوازن: وابەستەیی وردە وردە پەرەدەستێنەت، بەشداریکردنی نوخبەیی دامەزراوەکان دامەزراوەکان لاواز دەکات، و هاوکاری ئابووری زەرجار پێش ئیشپێکردنی سیاسی دێت. کاریگەری چین بە دەگمەن لە سەرتاوە زەرەملە دەردەکەوێت؛ لەبەری ئەوە، لە هەگەی چەسپاندنی دامەزراوەیی، پشتبەستنی دارایی و هاوئاهەنگی گەانەوە گرێ دەکات. لە کورتخایەندا، مەترسییەکان لە کەنترەڵی گەانەوە، هاوپژینی نوخبە و ناوونی دامەزراوەییدان. لە درێژخایەندا، هەڕشەکان درێژدەبێتەوە بە وەرینی دیموکراتیی، وابەستەیی ستراتیژی، پەراوێزخستنی جیۆپەلەتیکی و بەسیاسیکردنی ناسنامە. پێویستە بە شێوەیەکی هاستەوخۆ هەت بکرێتەوە. بەهام دەبێت بە شەفافیەت و چاودێری یاسایی و بەشداریکردنی فرەیی و پابەندبوونی پتەو بە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و بەها دیموکراتییەکان بەهەوبچێت. بەبێ ئەم جۆرە پارێزبەندییانە، ئەوەی وەك هاوکاری کولتووری دەست پێدەکات، هەنگە وردە وردە پەرەبستەنەت و ببێتە سنوورێك بە داهاتووی سیاسی کوردستان و سەربەخۆیی ستراتیژی.

*خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای ژینگەیی نەودەوەتی،زانکۆی نیشتمانی تایوان

دوو وشە سەبارەت بە کتێبی (گەانەوە بە مانای یەکەم)ی ئەدیب نادر!.. عەبدوڵا سەلمان(مەشخەڵ)

کتێبی گەانەوە بە مانای یەکەم (١) لە نووسینی شاعیر و چیرۆکنووس و توێژەر (ئەدیب نادر)، کە چاپی یەکەمی لە شاری هەولێر کە لایەن

ئەکادیمیای کوردییەوە لەساڵی ٢٠١٤ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، نزیک هەزار شایانی خوێندنەوەیە، بەڵکو شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنیشە. ئەم کتێبە هەڵبژاردەیەکە بیست و پێنج بابەتی توێژینەوە و هەڵبژاردەیی لەخۆگرتووە و لەهەمان کاتیشدا تۆژیشە لە زانیاری و مەعریفە. نایشارمەوە لە دوو دڵیی ئابردووداە هیچ کتێبێکی هەڵبژاردەیی بە ئەندازەی (من نەیاری ئوانگە بووم)(٢) و (گەلانەوە بە مانای یەکەم) ئایان نەگرتووم. هەرچەندە ئەم دوو کتێبە بە دوو میتۆدی هەڵبژاردەیی جیاواز نووسراون و بەدوو ئاراستەی جیاوازیش هەڵدەکەن، بەڵام بە منێک کە بایەخی هەڵبژاردە و توێژینەوەی ئەدەبیم هەیە و بەردەوام دەستە و پێنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەم، شایانی ئاوڵەدانەوەن. ئەم کتێبە نێک هەر تایبەتمەندی و شۆقێی هەژماتیانەی پەوە دیار نییە، بەڵکو پەلی هاویشتووە بە زۆر جێگا و شوێنی جیاواز و لەدەرگای زۆر بابەتی داوە (هەمان، شیعر، چیرۆک، شانۆگەری) و هەر لە نووسەرانی ناسراو و نەناسراوی کوردەوە تا دەگاتە ئەستێرە گەشکانی ئاسمانی ئەدەبی جیهانیی (فیساریەن بلینیسکی، ئۆزرا پاوەند، تی ئەس، ئیلییەت، فەدریکە گارسیا لۆرکا و عەبدولوەهاب بایاتی) ئاوەش پانتایی ئاو هەشنبیرییە پانوپۆرییە کە ئەدیب نادر خۆی پە بارگاوی کردووە. ئەدیب نادر نووسەرێکە لەسەرخە و بە هەڵپەهەڵپ دەنووسە و بڵاو دەکاتەوە. خەمی گەورەی ئەدیب نادر خەمی ئەدەب و هەڵبژاردەیە نێک ناو و ناوبانگ و دەرکەوتن. هەر بۆیشە کەمترین دەرکەوتنی ئاوە بە میدیا هەیە. بەئەندازەیێک هەنگە زۆر خوێنەری کوردزمان هەبن ئاشنای بەرهەمەکانی نەبن یان هەر نەیناسن. ئەمەش لە دنیای بەبەزەیی نووسین و خوێندنەوەی کوردیدا شتێکی نامە نییە. چونکە خودی دنیای نووسین و خوێندنەوەی کوردی وەک کایەیەکی چالاکی فیکریی مرۆڤی کورد گەلە نیشانەی پرسیاری لەسەرە، کە باسکردنیان ئەرکی ئەم نووسینە نییە.

میتۆد و ئاراستەی فیکریی بینراو لەم کتێبە

ئەدیب نادری خاراو لە خوێندنەوە دوای ساڵانێک دەست بەنووسین دەکات. ئاو زۆر زوو دەست بە خوێندنەوە دەکات و وەک تینوویەکی شەیدا بە ئاو، کتێب لەدوای کتێب بینیان پەوە دەنێت و بۆن بە وشکانیانەوە دەکات. بۆیە کەنترین توێژینەوەی هەڵبژاردەیی نەو کتێبەکە نووسینیکە لەسەر ئۆزراپاوەند کە دەگەڵتەوە بە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠. ئەم نووسینە و نووسینەکانی تری وەک (بەهرە و هەڵهەندەکانی تری داهێنان لای تی ئیس ئیلییەت و لۆرکا ئاو شاعیرەی هەنگەکانی یاخیبوونی بە مۆژووی ئەدەبی ئیسپانی بەخشی و بلینیسکی سانت بووڤی هەڵبژاردەی ئەدەبی ڕووسیی) لەمیانی خوێندنەوەی وردی ئاو

چەند نووسینەی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، خوێنەر هەست دەکات کە میتەدی بەکارهاتوو لە بنچینەدا میتەدی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی بووە و نووسەر خۆشی دانی پێدا دەنێت، (٣) بەڵام ئەدیب نادر لەسەروبەندی چاپکردنی ئەم کتێبەدا پیایاندا چەتەوە و دەستکاری کردوون و هەوێداوە لە بەیەی بەچوونی تەروانینی نوێی خۆی هەڵیان کێشە و لەمەشدا بە تەگەیشتنی من غەدری لە مەژووی نووسینی خۆی و دەقە نووسراوەکانیش کردووە. بەیە دەڵێم غەدر چونکە مرۆڤ بەردەوام لەژێر کاریگەری بەچوونە فیکرییەکانی کەمەگەی مرۆڤایەتییە و بەردەوامیش لە گەڵاندایە. بەیە پشت کردنە هەر بەچوون و باوەڕێک کە ڕەژگارێک ئینسانێک باوەڕی پێی بووە یان لەژێر کاریگەریدا بووە، مافێکی ئاسایی مرۆڤە. بەڵام لەدنیای نووسین و توێژینەوەدا دەستکاریکردنی بەچوونەکانی ڕابردوو ئەو ئاوگەڕە و گۆشە یان جووڵە فیکرییە کاڵ دەکاتەوە و دەیشوێنێت. واتە کەرقی هەڵکشان و داکشانی فیکریی نووسەر لەوێنا ڕاستقینەکەی خۆی خاڵی دەکرێتەوە. بەیە ئەگەر ئەمە بە نووسەرێکی کەم ئەزموون زەر جەی ڕامان نەبێت، ئەوا بە نووسەرێکی جیددی جەی ڕەخنەیە. لەلایەکی تریشەوە ژەوان بوونەوە لە ڕەبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لەئەنجامی کەوتنە ژێر کاریگەری شاڕاوی نیولیبڕالیزم کە بەهەردوو چەمکی دیموکراسی و مافی مرۆڤ کەوتنە دژایەتی ئەدەب و هونەری ڕادیکاڵ و شۆشگەڕانە، مافی بەئەملاو و ئەولای هەر ئینسانێکە، سەربازی هەر ڕەخنە و سەرنجێکم لەسەر ڕەبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی. (٤) بەبەچوونی من خوێنەری وردبین و خاوەن بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئەم دیاردەیەی ژیوان بوونەوە لەڕابردووی نووسین لەئەدەبی کوردیدا بەووونی درک پێدەکات و دەیبینێت.(٥) ئیتر جگە لەم چەند نووسینە، تەواوی توێژینەوە ڕەخنەییەکانی تر بە میتەد یان نەفەسێکی نیولیبڕالییەوە نووسراون. ئەدیب نادر تەوانینەکانی خۆی نەشاردەتەوە و بەئاشکرا ڕای گەیاندوون. ئەو وابەستەبوونی بەو جیهانبینییەوە ڕاگەیاندووە کە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بە ئەدەب و هونەریشەوە ناتوانیت تەووسکاییەک ببەخشێتە ئەم تاریکستانەی کە سیستەمی نوێی بازاڕی ئازادی جیهان ژیانی مرۆڤایەتی تیایدا نغرۆ بووە. ئەدیب نادر زیاد لە جێیەک لەو کتێبە ڕەخنە لە مارکسیزم دەگرێت و بە سەقەت ناوزەد دەکات و پێیوایە مارکسیزم مرۆڤی ئاوا بەبەها و ناچیز کردووە. (٦) بەیە هیچ نامە نیە ئەگەر لە نووسینەکانیدا دەست بە ئەو میتەد و ڕەبازە ئەدەبییە بەرزوازییانە بەرێت کە سەنگەریان لە ئەدەب و هونەری شۆشگەڕانە و ئینسانیی گرتووە. بەیە ئەم کتێبە سەرباری هەموو لایەنە پۆزتیڤەکانی، سەرباری مەعریفەی قووڵی ئەدیب نادر لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و هونەر و کردەی نووسیندا،

هەموو ئەمانە ناتوانن پارسەنگی ئەم دژە ئادیکاڵی ئەم کتێبە بدەنەوە.

زمانی نووسین لەم کتێبەدا

کتێبەکە هەر لە یەکەم دێڕەوە کەدەست بەخوێندنەوەی دەکەیت، هووبووی شێوازێکی نووسینی جوان و زمانێکی نووسینی سفت و پتەو بانگا دەبیتەوە. زمانێک کە بارگاویە بە هەزی دڕبڕین و گوزارشتکردن لە مەبەست. زمانی نووسین لەم کتێبەدا یان بەڕەن لای ئەدیب نادر دەوەستێندە و لە گوزارشتکردنیش بەهەڵە. زمانی نووسینی کتێبەکە نێک خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا تووشی بێزاری ناکات، بەکو لەبری ئەوە خوێنەر دەبەستێتەوە بە ناوەڕۆکی بابەتەکان. ئەم جوانیە لە نووسین زۆر بەدگمەن لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت. نووسینی ئەمجۆری کوردی جگە لە خراپی دڕبڕین و هەڵە بەبڕانەوەکانی ڕێنووس، خاوەن زمانێکی لاوازە. من لەڕەدا ئەم بۆچوونە گشتی ناکەمەوە چونکە گەلێ نووسەرمان هەن جوان دەنووسن و وەردەگێڕن و بایەخی زمانیان لایە و ڕێز لە خوێنەرانیان دەگرن. ئەدیب نادر یەکێکە لەو نووسەرانەی کە ڕێز لە خوێنەرەکانی دەگرێت. بۆیە خوێنەری جیددی و بەدڕبڕست کە کتێبێکی ئەدیب نادر دەخوێنێتەوە، هەست بە بڕپرسیارێتیی نووسەر دەکات لەکردەی نووسیندا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جێی خۆیەتی ئەو ڕەخنەیش بگرین کە بەکارهێنانی هەندە دەستەواژە و دڕبڕین لە نووسینەکانیدا هیچ پێویست نین. بە نموونە (ئیفلەکشن، کەمیتمێنت، ئیگزیستێنس، ئێلیمێنت، ترانسدێنتاڵ، سپەیس، ئێسێنس، ئیکۆنۆمی، ناهیومانی، کەمپڕئسیۆن، ئایدێنتیفیکەیشن، پڕۆستیژدار، کۆلێکتیڤ، پڕیپارەتیی، جایەنت، ئەسپێکت، پڕۆفەکشن، ڕاشناڵیی، کۆنترەڤەرشیاڵ، لیتراتۆر، فیکشن و زۆری تر کە هیچ پێویست ناکات پەنا بە ئەو دڕبڕینە ئینگلیزییانە ببردرێت لەکاتێکدا بە هەر یەک لەم دەستەواژانە دڕبڕینی کوردی هەن و دەتوانن هەمان مەبەست بگەیەنن. کەشێکی تر لەم کتێبەدا ئەوەیە ئەدیب نادر وتە و قسەی ژمارەیەکی زۆر بیرمەند و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندی بیانیی هێناوەتەوە بۆئەوەی سەرچاوەی ئەو وتە و قسانە دەستنیشان بکات. خوێنەر دەتوانێت متمانە بە نووسەر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی خۆیەتی بپرسێت کە ئەم وتە و قسانەی لە چ کتێبێک و لەچ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە؟ لەلایەکی تریشەوە ئەم بەدڕبەستیە لە فەرامۆشکردنی سەرچاوەکان، بەهای زانستی کتێبەکە دەهێنێتە خوارەوە. دەشی لە گفتوگۆ و مشتومڕدا ئەو وتە و قسانە بگوترێنەوە، وەلێ لە نووسیندا دروستترە سەرچاوەکانیان دەستنیشان بکرێن.

ئەنجام
کتێبی(گۆرانیەکان بە مانای یەکەم)ی شاعیر و چیرۆکنووس و تەرجومانی ئەدیب نادر ، یەکێکە لەو کتێبە ناوازە و دانسقانەی کە کتێبخانەی کوردی پێویستی پێیەتی. کتێبێکە لەوانەیە لە زانیاری و مەعریفە. نووسەر بە تەوانین و بەچوونەکی پڕخنەگرانەوە تەژینەوە و بابەتکانی نووسیوە. ئەم کتێبە جگە لە ئاوەدانەو لە ژمارەیەک نووسەری کورد، لای لە گەلە نووسەر جیهانییش کردۆتەوە و خوێندنەوەی بە کردوون. زمانی بەکارهاتوو لەم کتێبەدا پاراو و سفت و جوانە، وەلە گەلە وشەی ئینگلیزی ئاخنیوەتە نەو بابەتکانەوە کە هیچ پێویست نین و دەیتوانی هەر بە وشەی کوردی گوزارشتیان لە بکات. هەورەها وتە و قسەی ژمارەیەک بیرمەند و نووسەری هەناوەتەوە بەئەوەی سەرچاوەکانیان دەستنیشان بکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم کتێبەی ئەدیب نادر شایانی خوێندنەوەیە.

عەبدوڵا سەلمان(مەشخەڵ)
کانەدا / ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥

پەراوێزەکان:
(١)ئەدیب نادر، گۆرانەوە بە مانای یەکەم، تەژینەوە و ڕەخنە، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤.
(٢)فوئاد مەجید میسری، من نەیاری ڕوانگە بووم، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠٢١.
(٣)ئەدیب نادر، گۆرانەوە بە مانای یەکەم، تەژینەوە و ڕەخنە، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤، لاپەڕە ٣٠.
(٤)بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دید و بۆچوونەکانی من لەسەر ڕەخنەبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بڕوانە کتێبی (نیولیبڕالیزم و ئەدەبی پرۆلیتاریی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی پەژڕی ڕەگەز، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.
(٥)کەم نین ئەو نووسەرە ئادیکاڵ و چەپ و کۆمۆنیستانەی کە ڕۆژگارێک دەقیان بە کرێکاران و سوشیالیزم نووسیوە و پاشان لەگەڵ ئاوگۆڕکانی دنیادا، کاتێک دیوانەکانیان چاپ دەکەنەوە ئەو شیعرە سۆشیالیستییانەی لە دەردەکەن یان دەستکاری دەکەن و بەدەی سەردەمکە ئارایشتی دەکەن.
(٦)ئەدیب نادر، گۆرانەوە بە مانای یەکەم، تەژینەوە و ڕەخنە، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤، لاپەڕە

کتێب\ دیداری یەکەمی شانۆیی نووسەر و هونەرمەندە تەعەت سامان.. ئامادەکردنی: فەرەیدوون سامان

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Kteb_FaraidunSaman_TalatSDownload

کتێب\ ملمالنێی ئەمریکا و ئێران لە خەرهاتێی ناوەڕاستدا.. عوسمانی حاجی مارف

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

ktib_OsmanHajiMarif_USDownload

ئەی ئەگەر بارانەکی تر باری نەوزاد بێندی !!؟..

خەڵکەکی دڵسۆز و ماندووناس و گیانفیدا و خەرخواز و بە ئەمەگ و نیشتمانپەروەر + خەڵکەکی هەڵپەرست و تیکتاک پەرست و خۆپەرست و ماستاوچیی و زلی بەهونەر و بەرژەندیی خواز و یکلامچی و (لایک و کومێنت و فەیک و سەبسکرایبخواز) بەردەوام سەرقاڵی شوێنەواری وەرانکەری لافاوەکەی چەمچەماڵ و تەکیەن، چەن شارەکە پاک بکەنەوە و ماڵەکان هەک بخەنەوە و ..پەداویستیە هەژانەکانی زیانلێکەوتووان دابین بکەن ..ئەمەیش لوتکەی مرۆڤایەتیی و ئەرکە مرۆڤایەتیەکانە لە ئاستەکی باڵادا .. بەڵام وەک چەن هەنگوین، عادیی و ئاسایی هەیە ..وەک چەن مۆبایل ئاسایی و عادیی هەیە، بە هەمان شێوە مرۆڤایەتییش ئاسایی و عادیی تەکەوتوو.. فریادڕەسگەلێک هەن نە ناویان دیارە، نە کەس ئەزانێ کێن، نە وێنە ئەگرن، نە ئەهەن هیچ کەسکیش وێنە و پیاهەڵدان و قوربان قوربانیان بە بکات.. ئەمانە هەستی ئایینیی و نیشتمانیی (کە لە ئاستیدا یەک هەستن) ئەیانجوڵێنن، بیر لە دەسکەوت و حەقدەست و شت ناکەن، وەک ماندەلا ئەو ئەوانەی کە داوای حەقدەستی خەباتی نیشتمانیی ئەکەن، لە بەرەوشترین کەسکانن.

جەری دووەمی مرۆڤایەتیش،یان جەرە عادییەکەی، خەڵکەکن لەبەردەم کامەرا نەبە کاری خەرخوازیی و کەمەکیی خەک ناکەن، لایق لە تیکتاک ئەکەنەوە و لەگەڵ کارە خەرخوازییەکانیاندا ئەژمێن : ڕەحمەتتان نەبە لایکی شاشە بکەن، ڕەحمەتتان لە بە فەرمان کەن، شەیرمان کەن، کەمێنتتان بیر نەچێت ..!!

ئەمانە لە ڕووکەشدا مرۆڤایەتیی ئەنوێنن، بەڵام لە ناخدا ئاژاوە وەک بە مرۆڤایەتییەوە ئەکەن، یاری بە ژیی هەست و سۆزی میللەت ئەکەن و وایان لێدەکەن جزدانەکانیان بە بکەنەوە و بەو پەڕی ڕەزامەندییەوە داوای ژمارەی مۆبایل و ژمارەی کریدیتکانیان لە بکەن بە ئەوەی بە مەمنونیەوە پارە و قوتی مناڵەکانیان بە بنێرن..ئینجا ئەم ئاژاوە و وێکڕانە، بەویشەوە ناوستن کە چەپڵە و وێنە و ئافەرین و پارە و لایک و فەیک و سەبسکرایب و کەمێنتی خەڵکەکیان لوش کردووە، لەرە و لەوە لە ڕێی هەوادارەکانیانەوە داوای پستی باڵا و کورسی دەکەن..

ئیتر ئەم دوو جەرە لە مرۆڤایەتیی هەیە، هەردووکیشیان لەگەڵ یەکتریدا سەرقاڵیی گەورەی ژیانی ئاسایی خەڵکی چەمچەماڵ و

تەکنیە .. یەکەکیان بەدەنگ و بە وەنە و بە لایق و بە بەرامبەر .. ئەوەی تریشیان بە هات و هاوار و اللە اکبر و ڕەحمەت ناردن و جنێو و دەستەژ و لایق و وەنە و تیکتەک و ئینیستیگرام و داواکردنی پلە و پستاویە..
ئەمانە هەموو تەکەناو بوون، لە هەوەی ئەوەدان خەکی چەمچەماڵ و تەکیە بگەنەوە بە ژیانی ئاسایی خەیان، هی پێش لافاوەکە ..
بەڵام ئەپرسم ژیانی ئاسایی چەمچەماڵ و تەکیە چۆن بوو ؟ یان ئاستر ئەم هەموو هەوە ڕەسەن و فەیکە کە ئەدرێن لە پەناوی گەانەوەی خەکەکیە بە چ جۆرە ژیانە ؟ ژیانی ئاسایی واتا ژیانی بە دامەزراندنی دەرچووانی زانکە و پەیمانگاکان، ژیانی دوکەڵ و تەپ و تەزی کەرەنا و پاڵاوگەی حیزبیی و پە لەق، ژیانی پە ژاوەژاو و دوکەڵ و شەقامۆرانکەری تەنکەرە نەوت و نەفسا، ژیانی بە موچەیی، ژیانی بە نەوتیی، ژیانی بە بەرنامەیی و میلیشایی و بە یاسایی و خەگەرایی و بنەماڵەگەرایی و ئاغایەتیی و کۆخایەتیی ..
باشە وەک کابرای دەشتەکیی ئەڵە خوامەرگ ..خوامەرگ .. ئەگەر ئەمە ژیانە ئاساییەکە بە ، سەد ڕەحمەت لە مەرگ و هەر چی شتی نائاساییە..
لە کەتاییدا لە دەسەڵات و خەڵک ئەپرسم، باشە ئەی ئەگەر بارانەکی بە خوێی تر باری؟ چیتان کردووە بە ئەوەی جارەکی تر شار و ماڵ و قوتابخانە و قوتابی ئاو نەیانبات؟ یان بە تەما نین بارانی تر ببارێ ..کورە دەی ،ئەگەر باریش خوا گەورەیە، خوا کەاوی بە بەڵوو دروستکردووە.. قابیلە چی ئەبێ ؟ ئەو پەڵەکەی جارەکی تر دوو سێ هەزار ماڵ وێران ئەبێ و .. هەبەت خەکەکەیش لە هەوە و کەمەک و خەمخۆریی ئاناوەستن ..موسوەمانان ئەڵەن ژیانی موسوەمان پەڵە لە کارەسات و ئەبێ ئاسایی بێ بە لامانەوە .. ئەوانی تریش ئەڵەن هیچ نیین ، نزمە پاڵەپەستەیەکی سپارتا ئەنجیلینا ئەرانەسی دەریای ناوەڵاستە، هەفتەکەی تر خەکەکە ئەگەڵەنەوە بە سەر ژیانی ئاسایی خەیان ..!

نەوزاد بەندی

مـــــــــاچ.. شیعـری\ نـوشیـروان ئازاد

تـنیا
ماچـکم بدەرێ ،
ئـەی سورەگوڵ،
تـنیا ...ماچـک
گـڵـێ ماندووم ،
ماندووی ڕۆگایـەکی دوور . لـەم مـەپرسـە ،
ڕۆبواری کوڵم ،
لـەکوێ هاتوم ،
بـۆ کوێ ،دەچم ،
من ڕۆگـەی، عـەشقم
لـێ وونـە ،
دەرگای دڵم
نادەزمـێو ،
تـێ نازانی ،
کـێ من لـەکوڵم ؟
منم وونم...
یادنیایـێ ، لـەمن وونـێ ..... تـنیا ،
ماچـکم بدەیـێ ،
ئـەی سورەگوڵ...
تـنیا ماچـک و هیچی دی .. زەر شـکـەتم ...
تـینو و برسی ،
شاعیرەکم سـەرلـێ شـێواو بـەدوای ناوی خـەما وەڵـم ،
تـێ نازانی ، چیـەناوم؟
تـێ نازانی کـێ یـەکـەم جار ،
بـڕچ زمانـێ ،
بانگ کراوم ؟ .....
تـنیا ماچـکم پـێ بدەێ ،
ئـەی سورەگـوڵ
تـنیا...یـەک مـــــــاچ
بـەڕۆن بـێ ، کـەناوت نابـەم ،
لای هیچ کـەسـێ باسی ناکـەم عاشقـەکم بـێ ناونیشان بـەدوای تیشکی خـەرا
وەڵـەم ، ئـەی تـێ ..جـەـی خـەر پـێ نـازانی بـەڕۆـن بـێ کـێ دەزیمـێو ،

ەازەکانت نادرکێنم … بەساڵیادی یەکەم ماچت پێشنگی خەرت بەدەنم
……
تەنیا ماچێک ،
ئەی سورگوڵ ،
تەنیا ماچێک و هیچی تر… دڵوانێیکی سەرشەتم بەدوای شەمی خەا
وەەم ، لێم لاەێ ،
تۆ کچی یارت نەدیوە؟
لێکوڵ دڵواریان هەەداوە؟ چاوی سەرنج ..
لێکوڵ بدەم ،
لێکام لاوە.
..…
تەنیا ماچێک ،
ئەی سورگوڵ ،
تەنیا ماچێک و
هیچی تر تەنیا ،
م
ا
چ
ێ
ک
.……
نەوشیروان ئازاد
کوردستان

باری فریاکەوتن.. شیعر\ کەنعان مدحەت

دەمەوێ پێش کات کەوم
پێم لێ نمونەی شەوێ نەکەوێ
دوو دنیای جیاواز
سەر بێ دوو فەرهەنگ
ئایدیا و

هەسوکەوتی لە یەک نامەتر
ەازی بە قەدەر
بە ئەوەی جە پە هەگر نەبم و بەشە
لە بەینی قوتی دارا و نازدار

حەزم دەکرد پاش کات کەوتبام
لە شارە ئەسرەیەکی بە نەوت و غازا
لە دایک ببام
لە قەراغە جەگەی باخکا
ەەشە ەەیحانە
لە سنگە هەورازی شاخکا
سەنگەری ئاشتی
لەگەە هەاتنی ەەژیشا
دەسکە گوەە کەویم بە قازی و
شەخ سەعید و شیخ مەحمو بناردبا

ببورن
پەلەم!
کەسانە، لە دەرگای حەوشەما
بە پاروویە نان
چوونەتە تکا..
پیرە پەاوە، هەز، پشتی لەکردووە و
ناگا بە گەچان
بە مژە هەوایە دەر و دەشت بکا
مناەە
بووکەشوشە شەەکەی
لەی دەخوەە؛ ژیر و بەخەم بە
سە مانگی دی کە موچە
لە هەوارا بار دەخا
خەم، شیر و دایبی و لانکەت بە دەکەم و
هەر بە خەیشم پاشماوەی قنگی هەرەم دەسەماوە